ئەحمەد حەیران

بەیتاری لە کۆمەڵی کوردەواریدا

بێگومان فۆلکلۆرو کەلەپووری هەر میللەتێك هەڵقولاْوی بیروو بۆچوونی دەستەو تاقە سادەکەی ناو ئەم کۆمەڵەن . ئەمانەی لە هەموو کەس زیاتر بەر زەبرو زەنگ‌و ئاستەنگی‌و ناسۆری ژیان کەوتوون جا چ بە دیاردە کۆمەلاْیەتیە دەست کردەکانەوە بێ یان بە دیاردە سروشتیەکانەوە . ئەگەر فۆلکلۆریش پانتاییەکی گەورەی داگیرکردبێ لە ئەدەبی هەر میللەتێك ئەمەش دیارە بە زمانی زۆربەی زۆری خەڵك دەربڕاوەو لە گێژاوی بیرئاڵۆسکاوی بە دوورکەوتۆتەوەو نەخشەی بۆچوونی زوربەی کۆمەلاْنی خەڵکیشە لەبەر ئەمە ناتوانین تخووبی بو دابنێین ئەگەر دڵێشمان بەمانەوە ئاو نەخواتەوە ئەوا خۆ فۆلکلۆر توانیوویەتی خاسیەت‌و تایبەتی‌یەتی شەقڵی ڕەسەن بە گەلانی سەرگۆی زەوی بنووسێنی‌و مۆرکی جیاوازی ناوچە لەگەڵ ناوچە هەڵبگری‌و ئامێتەی بیری زۆربەی کۆمەڵ بێ هەر بۆیەشە دەبینین لە هەموو کات‌و سەردەمێك خەڵك زیاتر متووی بەمەوە دەبێ کەڕۆشنبیری‌یەکەهی خۆی بێ‌و دوور لە داتاشین‌و دەست‌کرد ئەمەش هەر لەبەر ئەمەیە چونکە خۆی بەردی بناغەی دارژتووەو لەگەڵ سەلیقەی خۆی دەگونجێ هەروەك چۆن لە کوردەواری خۆمان دەڵێ (بەرخی دوایی زووتر بەدا کی دەکەوێتەوە) ئەمەش وایە چوونکە ڕەسەنە میللەت لە هەموو دیاردەکانی تر زووتر پی‌ی شاد دەبێ‌و پەنجەی نەمری بۆ درێژ دەکا . ئەمەی لێرەدا دەمانەوێ بیدرکێنین خستنەڕووی لایەنێکی بزرە لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلەکەمان کەوا دیارە بەدەم بێ دەنگی‌یەوە هەڕەشەی لە ناوچوونی لێ دەکری‌و خەریکە ژەنگ هەڵبێنێ ئەمیش (پیشەی بەیتاری‌یە لە ناو کۆمەڵەکەمان) بێگومان دەرخستنی لایەنێکی لەم بابەتە هەروەك دەزانین نوێ‌یەو بۆیەکەم جار لەسەری دەنووسرێ ئەگەر کەم‌و کوڕیشی گرتبێتە خۆی ئەوا ئەمانەی لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاو دەدەن دەتوانن شتی نوێ‌ی بخەنە سەروو لایەنە بێ هێزەکانی بۆ جاری‌تر خاشەبڕ بکەن جگە لەمەش لەوانەیە زور کەس خستنە ڕووی ئەم جورە بابەتە بەشتی نابەجێ بزانێ . بەلاْم خۆی لە ڕاستی‌دا نابێ وابێ چونکە ئەمە سامانی نەتەوەیە .

ئەبێ داکۆکی لێ بکرێ لەمانەوەو بەشێگیریەوە پارێزگاری
ێ بکرێ چوونکە ئەم کۆمەڵەی ئێستا دەیبینین چەندان ساڵ
پێش ئێستا ئەم جۆرە کورە نەبووە هەروەها جگە لەمەش ئەم
نوعە پیشەیە بەشێوەیەکی یەکجار زۆر لە ناو کۆمەڵی
کوردەواریمان باوەو تاوەکوو ئێستاش بە جۆرێکی بەردەوام
خەڵك ئەگەر جێگەیەکیان شکستی بێنێ ئەوا ڕوو دەکەنە لای
بەیتارەکان هەرچەندیشە ئێستا هۆیەکانی چارە سەرکردنی ئەم
لایەنە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆر گۆرانی بەسەرا
هاتووەو ڕێبازی نوێی تیادا بەکاردێ بەڵام لەبەر ئەمەی ئەم
پیشەیە وەکو نوشتەو کشتەك شتێکی جا دووگەری نیەو بەڵکو
ئەنجامەکەی بە بەر چاوەوەیە . تاوەکو ئێستا بەیتار زانەکانی
کورد ژیانی دەیان کەسیان لەئاخ و داخ ڕزگار کردووەو قاچ و
دەستی چەندان کەسیان لە ژان و ئازاری ناو جێ و بالینگان
هەڵاو وێردووە بۆیە هەر کاتێك لەم لایەنەوە شتێ دەربپردرێ
پێویستە زۆر بە شانازیەوە باسی بەیتارە پسپۆڕەکانی کورد
بکرێ و ژیان نامەیان بخردرێتە سەر کاغەزوو وێنەو بیروو ڕاو
کرداریان لە مۆزەخانەکان بپارێزرێ ئەمەش ئەرکێکە دەکەوێتە
ئەستۆی ڕۆشنبیرانی کوردو ئەمانەی دەرك بە گرنگی ئەم لایەنە
دەکەن بۆیە پێویستە هەرکەس بە گوێرەی شارەزایی لە ناوچەی
خۆی بەژیان نامەو کردارو بیروو ڕاکانی بەیتار زانەکان لە
ناوچەکەیا دەستی یارمەتی بۆ دەوڵەمەند کردنی کەلەپووری
نەتەوەکەی درێژ بکا کە هەم خزمەتی گەلەکەی دەکاو هەم
خزمەتی مرۆڤایەتیش دەکا بۆیە ئێمەش لێرەدا زۆر بە شانازیەوە
ناوی چەند بەیتار زانێکی دەشتە بەپیت و فەرەکاکی بە
کاکی یەکەی هەولێر دەخەینە ڕوو کە لەمانە هەندێکیان ماون
هەندێکی تریشیان ماڵ ئاوایان لەژیان کردووە بێ ئەمەی هیچ
شتێك لە دوایان جێ بهێنێ و ئاسەواریان ڕەشبۆتەوەو ئاگردانیان
کوێربوەتەوە لەمانەش :

١ - حاجی حمد امین لە گوندی قەپران نەماوە
٢ - عمر کێخو علی لە گوندی شێراوە نەماوە

٣ - رەحمان لۆری لە گوندی قونیان نەماوە
٤ - حاجی عمر لە گوندی کلاورەش
٥ - حاجی حسن لە گوندی کۆزە پانکە ماوە
٦ - حاجی عمر کاکە لە گوندی دینگاوەی دەشتی قەراج . ماوە
٧ - قادر حەمبار لە هەولێر . ماوە

هەروەها جگە لەمانە لەوانەیە هی تریش هەبێ بەڵام ئێمە
بەرچاوو گوێمان نەکەوتبێ بۆیە دەرخستنی ئەمانە دەکەوێتە
ئەستۆی ئەمانەی ناوبانگ و دەنگ و باسیان دەزانن . . ئیتر
لێرەوە بەرەو ناوەرۆکی بابەتەکە دەڕۆین بەڵام پێش ئەمەی بە
تەواوی بخزێینە ناوی دەمەوێ کورتە پێناسەیەکی بەیتاری
بکەم ، بەیتاری خۆی برێتیە (لەم پیشەیەی کە یەکێکی شارەزا
پێی هەڵدەستێ بۆ چاك کردنەوەی شکستی لە لەشی مرۆڤ
یاخود ئاژەڵ) شکستییەکانیش بە زاراوەی سەر زاری بەیتار

زانەکان ئەمانەن :

١ – شکان

٢ – لەگەڵ چوون یان لە دوو چوون

٣ – قەرەشتن

٤ – دەمار وەرگەڕان

٥ – گۆشت پچڕان

ئەگەر ئەمانە لە هەر شوێنێکی لەش ڕوویبدابوایە ئەوا لە لایەن بەیتار زانەکانەوە چارەی خۆی بۆ دادەنرا بەگوێرەی لێك دانەوەو بیرو بۆچوونی خۆیان . ئینجا لێرەوە بابزانین تاچ ڕاددەیەك ئەمە چەسپ دەبێ ئەگەر شکستییەك لەم جۆرە بابەتانە ڕوویبدابوایە . بۆ ئەمەش بەڕیز دیاردە گرنگەکانی ئەم لایەنە دەخەینە ڕوو .

١ – گۆزینگ :–

شکان لەم جۆرە شوێنە کەمە بەزۆری لەگەڵ چوون لێ‌یا ڕوودەدات لەگەڵ چوونیش بریتیە لە ترازانی دوو جومگە لەسەریەك . کەنیشانەکانیشی بەمجۆرەیە . پەنجەکان ناتوانن بجولێن ، دەمارەکانیش هەڵدەستن‌و ئەستوور دەبن . چارەکردنیشی بەمجۆرە بۆ دانراوە . نەخۆشەکە لەسەر پشت درێژ دەکرا پی‌دەخرایە ناو قورتی پی‌ی تاوەکو نەجوولێ ئینجا بەهێز سپلکی قاچی ڕادەکێشرا لەگەڵ ئەم ڕاکیشانە جومگەکان تەقەیان لێوە دەهات‌و دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان وەك لە وێنەی (١) دیارە .

٢ – کلاوەی‌چۆك :–

بەووتەی بەیتارەکان ئەم شوێنەی (گە) پێناشکێ واتە دوو جومگە بەیەکەوە بەسترابن . ئەمەش بەتەواوی لە ئەژنۆ داهەیە چونکە دوو جومگە بەهۆی کلاوەی چۆکەوە بەیەك بەستراون . بۆیەبە زۆری لەگەڵ چوون لەم جۆرە شوێنانە ڕوودەدات واتە دوو جومگەکە لێك دەترازێن . لەکاتێکیش ئەم جۆرە شکستیە ڕووبدات لەشوێنی‌وا بەم شێوەیە چاری کراوە . نەخۆشەکە لەسەرزگ درێژ دەکرا بالۆرەیەك لەشێوەی بالیف بە پارچە پەڕۆکان بۆیان دەکرد . دەخرایە نێوان هەردوو جومگەکان یەکێکیش ڕانی دەگرت بۆئەوەی نەبزوێ . ئینجا بە توندی لاقی بۆ دواوە دەنووشترایەوە بەم جۆرە جومگەکان دەهاتنەوە شوێنی ئاسایی خۆیان لەگەڵ ئەم کردارە تەقەیان لێوە دەهات .

٣ – ران :–

هەروەك دەزانین ڕان گەورەترین‌و بەهێزترین ئێسکی لەشی مرۆڤە . بۆیە ئەگەر هەرئێش‌و ئازارێکی زۆری پی‌بگا ئەوا لەوانەیە بەتەواوی مرۆڤ پەك بخاو لە کاروکاسبی دوری‌بخاتەوە ، بە ڕۆلی ئەوەی شوێنێکی گرنگ‌و ترسناکی هەیە زۆر جار وابووە ئەگەر شکستی لەمجۆرە شوێنانە ڕوویدابوایە ئەوا ئەم کەسە تووشی سەقەتی دەهات‌و تازەکوو ژیانی کۆتایی دەهات بەدەست ئەم بێزاریە دەتلایەوە بەلام لەگەڵ ئەوەشا بەیتارزانەکانی کورد بەرانبەر ئەم ئاستەنگیە

…ستەو ئەژنۆ دانەنیشتوونو بەڵکوو چاری خۆیان بۆ دانوە .

…زنین چۆن؟ ئەگەر ڕانبشکابوایە ئەوە شوێنەکەیان …ووسابوون زۆر بەپاکی دەشۆرد ئینجا چوار پەلە داریان …هێنا بەشتێك دەیان تاشی تا بەتەواوی ڕێك دەبوو بۆئەوەی …وەك ئەشکەنجە بە نەخۆشەکە بگەیەنیٚ زۆر جار پەلە …میشیشیان بەکاردەهێنا . ئینجا لەسەر گازیپشت درێژیان …کردو کارەموویان لەهەرچوار دەوری ڕانی دەئالاند لەپاشا …نە دارەکانیان لەسەر کارەمووەکە دادەناو بەتوندی دەیان پێچا … پەڕۆکی سپی . لە دووای ئەمە دوو توورەگەی باریکی پڕ خۆڵیان دەهێنا دەیانخستە ئەم لاو ئەو لای ڕانە شکاوەکەو بە …نێك یان هەرشتێکیتر کە بۆ ئەم جۆرەکارە بشایە دەیان بەستا …مە بۆ ئەوە بوو تاوەکو جوولەی نەکا بەم جۆرە دەمایەوە …ماوەیەك . زۆرجار وادەبوو لەم ماوەیە سەری پەنجەکانو …چی ئەستوور دەبوون ئەمەش لەبەرئەوەی گەرم دادەهات بۆ ئەمەش ئاوی ساردیان بەکار دەهێنا بەسەری پەنجەکانیان دادەپرژاند بۆ ئەوەی بنیشێتەوە . پێویستە ئەمەش بگوترێ کەبەستانی شوێنە شکاوەکان چ لە ڕانو چ لە شوێنەکانیتر دەبوایە پاش هەفتەیەك تۆزەك شلبکرابوایەوە لەپاش چواردە ڕۆژ بە زەربیی واتە بە تەواوی شل دەکرایەوە هەروەها دەبوایە ئەم کەسە هەتا دووسیٚ مانگ کارنەکات .

٤ – نێك :–

هەروەك وتمان ئەم شوێنانەی جومگەیی شکانی کەمە . لێرەوەش ئەمە هەیە چونکە . جومگەی ڕان دەچێتە ناو قۆرتی سمت جومگەیێك پێك دێنی پێی دەڵێن (شەقوڵگە) بۆیە بەزۆری لەکاتی ئازارگەیشتن بەم شوێنە واتە نێك . لەگەڵ چوون ڕوو دەدات



ئەمەش دوو جۆری هەیە . (جۆرێك بۆ سەرەوە) (جۆرێك بۆ خوارەوە) ئەگەر بۆ سەرەوە بیٚ ئەوا جومگەکە لە شوێنی خۆی دەردیٚو بۆ سەرەوە دەڕوا لەم حالەتە بەم شێوەیە چاری دەکرا . نەخۆشەکە بە پێوە ڕادەگیرا . ئینجا یەکێکیتر ئەمیش هەربەپێوە قاچی دەخستە سەر قاچە لە دوو چووەکە . ئینجا هەردووکیان لەیەك دەپێچرانو نەخۆشەکە دەستی دەخستە سەرشانی زەلامەکەیتر ئەمیش دەستی دەخستە بن هەنگڵو باڵی . بەتوندی ڕایدەتەکاند بۆ سەرەوە ئەو حەلە جومگەکە قرپەی لێوە دەهاتو دەگەڕایەوە شوێنی خۆی ئینجا قیروزفتی لێدەنرا بۆ ئەوەی ژانەکەی بشکیٚ . هەروەك لەوێنەی ژمارە دوو دیارە .

بەلاٌم ئەگەر بۆ خوارەوە بهاتابوایە ئەم کاتە قاچێکی لە قاچێکی درێژتر دەبوو بەم شێوەیە بە ئاسانی هەستی پیٚدەکرا .

چاریشی ئەمەبوو بەڕاستو ڕاستی درێژ دەکرا یەکێك سواری ئەژنۆی دەبوو توند دەیگرت نەوەك بزویٚ . ئینجا سیٚچوار پێلەقەی بەتوندی لەژێر قاچی دەدرا لەگەڵ ئەم لێدانە جومگەکە دەگەڕاوە شوێنی خۆی ئەوسا قیروو زفتەکی لێدەنرا بۆ ئەوەی ژانی بشکیٚ لە پاشا بەخۆی بەری دەدا .

ئەگەر بەم شێوەیەش جومگەکە نەگەڕابوایەوە شوێنی خۆی ئەم کاتە هەردوو ئەژنۆمان لێك دەپێچاو پێستێکی مەڕ یا بزن دەهێنرا دەخرایە ناوگەڵیەوەو پڕی هەوا دەکرا لەگەڵ ئەم هەوایە هەردوو لایێکی لێك دەکشاو جوگمە لەگەڵ چووەکە دەگەڕایەوە شوێنی خۆی .



٥ – پەراسوو : هەروەك ئاشكرایە دەفەی سنگی مرۆڤ چەند ژمارەیەكی پەراسوو تیایە كە ژمارەیان دەگاتە (٢٤) پەراسوو ئەمانە جووت جووت بە (١٢) بڕبڕەكەی ناوچەی سنگەوە جومگاون لەدواوە بەڵام (١٤)ی پێشەوە بە هۆی پارچە كركراگەی بچووكەوە یەكسەر بەدەفەی سنگەوە بەستراون . ئینجا زۆر جاربووە بەهۆی كاریگران یان شتی قورسی‌كەوتن . هتد . . ئەم پەراسووانە شكاون لەكۆنیش ئەگەر پەراسوو بشكابا تەنیا چاری ئەوەبوو قیروو زفتەكیان لەشوێنە شكاوەكە دەنا تاوەكو یەكتری دەگرتەوەو ژانی دەشكا . بەڵام پێش ئەوەی قیروو زفتەكەی لێ بنرێ دەبوایە بە جوانی بە ئاوی شلەتێن‌و سابون بشۆردرێ .

٦ – دەمار لە پشت وەرگەران :–

ئەمە تەنیا لە پشت ڕوونادات بەڵكو لە شوێنی تریش وەك مل‌و پشتی پێ‌و هتد . . . نیشانەكانیشی ئەوەیە نەخۆشەكە بەخواری دەڕوا ئەگەر لەپشتی بێ . لە ملیش هەروایە خواردەبێتەوە هەست بە ئازار دەكا چارەكردنیشی لەكاتی خۆی

بەم جۆرە بووە . ئەگەر دەماری لەپشت وەرگەرابوایە ئەوا كابرایان لەسەر زگ درێژ دەكرد قاچێكی دەخرایە سەر ناوەندی پشتی ئینجا بە پێچەوانەوە قاچێكی لای ڕاستی لەگەڵ دەستێكی لای چەپی دەگیراو بڵند دەكرا واتە بەیتارەكە قاچ‌و دەستەكەی بۆلای یەكتری ڕادەكێشا بەم جۆرە دەتەقی‌و دەهاتەوە شوێنی خۆی وەك لەوێنەی ژمارە سی‌دا دیارە .

بەڵام ئەگەر دەماری مل بوایە ئەوا تەنیا بەگرتن چاری دەكرا هەروەها جگە لەمەش زۆر جار وابووە گەیەكانی پشت لەیەك ترازاون یان چوونەتە ناو یەكتری بۆ چاری ئەمە دوو بەرمیل یان هەرشتێكی‌تر كە بە قەدەراپی ئەم دوو بەرمیلە بەرزبوایە بەڵام نەك ئەم بەرمیلە گەورانەی نەوتی یان گازی بەڵكو هی لەمانە بچووكتر هەیە دەیان هێنا دارێكیان لەسەر ڕایەر دەكرد واتە درێژ دەكرد ئینجا نەخۆشەكەیان زگاوزگ دەخستە سەرداركە بەڵام نابوایە دەستی بگەیشتابوا سەر زەوی ئینجا بەیتارەكە پشتی مل‌و قونە جوڵەی توند دادەگرت لەگەڵ ئەم داگرتنە گەیەكان واتە بڕبڕەكان تەقەیان لێوە دەهات‌و دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان ئەمەش هەروەك لە وێنەی ژمارە چواردا دەردەكەوێ .

٧ – مل : هەروەك دەزانین مل شوێنێكی كاریگەری لە لەشی مرۆڤ بەركەوتووە جابۆیە هەر ئازارێكی پێ‌بگا ئەوا بە زەحمەت چاك دەبێتەوە .

(شوێنی دانانی بالیف)

بەزۆریش ئەم شوێنانەی مل كە شكستی‌یان لێ‌ڕوودەدا (كلیلەی ملە) ئەم كلیلەیەش لەبەرئەوەی ناسكە دەشكێ . لەكۆنیشا ئەگەر شكستی لەم شوێنە ڕووی بدابوایە بەم جۆرە چاریان دەكرد بالیفێكیان بە پەڕۆك دروست دەكردو دەیانخستە بن باڵی نەخۆشەكە بۆ ئەوەی لەگەڵ جێگە شكاوەكە یەكسان‌بێ‌و قوڵی زۆر نەیەتە خوارەوە نەوەك ئازاری پێ‌بگا . ئینجا قیرو زفتەكیان لە جێگە شكاوەكە واتە كلیلەی مل دەدا



.وەکو ژانی دەشکا

٨ – پیل :

ئەمە ئێسکێکی سێ گۆشەی تەختە پێی دەڵێن «دەفە» کە دەکەوێتە دیوی پشتەوەی لەش ، بۆشاییەك لەبەیەك گەیشتنی ئێسکی دەفەو چەڵەمە هەیە پێی دەڵێن (سەرەوتە چاڵ) کە ئێسکی بازووی دەچێتەوە ناو واتە جومگەی بازوو . ئینجا زۆرجار وادەبێ بەهۆی ئازار گەیشتن بەم شوێنە ئەم جومگەیە لەشوێنی خۆی دەترازێ‌و لەگەڵ دەچێ . شکانیش بۆیە لەم شوێنە روونادات چونکە ئێسکی دەفە پانە . واتە پیل لە کاتێکیش ئەگەر ئەم جومگەیەی چووەتەوە ناوی لەشوێنی خۆی ترازابوایە . ئەوا بەم جۆرە چاریان دەکرد . کابرایان لەسەر گازی پشت درێژ دەکرد بەیتارەکە پاژنەی قاچی دەخستە بن باڵی نەخۆشەکەو توند دەستی بۆ خۆی رادەکێشا . بەم کارە جومگەکە دەهاتەوە شوێنی خۆی .

٩ – هەنیشك :–

هەروەك دیارە ئەمە بریتیە لە شوێنی بەیەك گەیشتنی هەردوو سەری ئێسکی بازوو و باسك کەبەهۆی جومگەکانی سەریانەوە دەجومگێن‌و بەیەك دەگەن . لەبەرئەوەی ئەم جورە جێگایانە «گەنە» واتە شوێنی بەیەك گەیشتنی دوو جومگەن ، شکان کەم تیایا روو دەدات تەنیا لە هەڵوێستی زۆر ناخۆش‌نەبێ . بۆیە بەزۆری ئەم دوو جومگانە لەیەکتری دەترازێن‌و لەگەڵ دەچن . چاری ئەم جۆرە شکستیانەش تەنها راکێشانە تاوەکو جومگەکان دێنەوە شوێنی خۆیان . هەروەها ئەگەر شکستی لەم جۆرە شوێنانە رووبدات تاماوەیەکی زۆریش نەهێنرابێتە لای بەیتار . ئەوا بەم شێوەیە چاریان کردوە . پێشەکی دەبوایە ماسی‌یەکی بێنن بەبێ هیچ دەست لێدانێك وورد ووردی بکەن بەلام ماسی رووبار نەك هی ئەم لاو ئەولا . ئینجا لە شوێنەکەیان دەنا پێوەی دەمایەوە بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر . بەم جۆرە شوێنەکە نەرم دەبۆوە ئەوسا نەخۆشەکەیان لەسەرگازی پشت درێژ دەکرد یەکێك توند بازووی دەگرت تا نەبزوی بەیتارەکەش دەستی وەیاخود بڵێین مەچەکی دەگرت‌و بۆ خۆی رادەکێشا بەم جۆرە جومگە لە شوێن ترازاوەکان دەهاتنەوە شوێنی خۆیان .

١٠ – باسك :–

لە دووئێسکی درێژ پێك دێت پێیان دەوترێ (زەندوکورە) زەند درێژەکەیانە دەکەوێتەلای پەنجەکانی دەست ئەویتریشیان دەکەوێتە لای پەنجەی گەورە . بەلام بەیتارەکان بەم هەردوو ئێسکە بەیەکەوە دەڵێن (شەپکە) .

لەوانەشە هەردووك لەشەپکەی داربچن بۆیە وای پێ بڵێن ئینجا زۆر جار وایە ئەم ئێسکانە دەشکێن ئەمەش دوو جۆری هەیە ئەگەر راست‌و راست واتە بەدرێژی شکا ئەوا تەنیا (قیرو زفتی) لێ دەنێن . بەلام ئەگەر بەجۆرێکی‌تر شکا کە پێی دەڵێن (گردەبڕ) ئەوا گرتنەوەی دەوێ هەروەك بەیتارەکان دەڵێن . شێوەی گیرانەوەکەشی بەم جۆرەیە . لە پێشا شوێنەکە بە ئاووسابون دەشۆرێ لەدوایدا بە دەست پیا هێنان ئێسکەکە دێنینەوە شوێنی خۆی‌و (کارەمووی) لەسەر دادەنێین واتە مووی کاری لەدوایدا بە پەرۆکێکی سپی خاوێن دەیپێچین ئینجا چوار پەلە داری چاك کراو دەهێنین بە بەن سەرەکانیان دەهۆنینەوە بەلام دەبێ تۆزێ بەینیان هەبێ واتە نابێ هەرچواربە تەنیشت یەکەوە بن بەتەواوی دەیان خەینە سەر شوێنە شکاوەکەو ئەم سەرو ئەو سەریان گرێ دەدەین‌و دیسانەوە بەشتێك دەیپێچین . ئەمە نابێ دەستی لێ بدرێ تا ماوەی (١٥–٢٠) رۆژ بەلام ئەگەر ئەستوور بوو یان ژانی کرد ئەوا لە پاش هەفتەیەك تۆزەك شل‌دەکرێتەوە هەروەها بە هەمان شێوە ئەگەر ئێسکی (بازوو)ش شکا چارە دەکرێ ئەمیش کارەموو لەگەڵ پەلەداری بۆ بەکار دێنین

١١ – زەنگە :–

ئەمە پێی دەڵێن (مەچەك) کە لە هەشت ئێسك پێك هاتووە دەبێ بەدوو ریز هەر ریزێکیش چوار ئێسکی تیایە . ئەمانە لەگەڵ یەکترو لەگەڵ ئێسکەکانی تەنیشتیانەوە بەهۆی

چەند بەستەرێك بەیەك دەگەن بەشێوەیەك كە جوولەی هەریەكەیان ئاسان بێت . بۆیە لەم شوێنە شكان كەم ڕوو دەدات تەنیا لەگەڵ چوون نەبێ ئەمیش بەم شێوەیە لە لایەن بەیتارەكانەوە چاری بۆ دانراوە یەكێك هەنیشكی توند دەگرت تاوەكو نەجوولێ ئینجا بەیتارەكە دەستێكی دەخستنە ژێر زەنگەیەوە بە دەستەكەی تری پەنجەی دەستی دەگرت‌و بۆ خوارەوەی ڕادەكێشا بەم جۆرە ئێسكە لەگەڵ چووەكان دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان . هەروەها بەم شێوەیە ئەگەر پەنجەكانی دەست‌و پێ لەگەڵ چووبان ئەوا بەراكێشان دەهێنرانەوە شوێنی خۆیان . بۆ نموونە ئەگەر پەنجەی گەورەی دەست لەگەڵ بچووبایە ئەوا بەم شێوەیە بەیتارەكان دەیانگەڕاندەوە بۆ جێگەی خۆی . بەنێكیان لە پەنجەكە دەخست‌و دەستێكیان دەخستە سەربەنەكە ئینجا ڕایان دەكێشا جارێك بۆ خوارەوە جارێك بۆ سەرەوە تاوەكو دەتەقی بەم جۆرە چاك دەبۆوە . . . .

لەكۆتایی ئەم باسە پێویستە ئەمە بگوترێ كە بەیتاری تەنها مرۆڤ ناگرێتەوە بەڵكو ئاژەڵ‌و مەڕومالاتیش دەگرێتەوە لەبەرئەمەی بەیتارەكان چارەسەری شكستی‌یەكانی ئەمانیشیان كردووە .

فەرهەنگۆك

شێلگیری : بەردەوامی

قرپە : تەقە

گە : شوێنی بەیەك گەیشتنی دوو جومگە

ڕایەر : درێژ ، ڕایەركردن درێژكردن . ڕاخستن

كارەموو : مووی كارێلەی بزن . ئەمە لەبەر نەرمی‌یە كاردەهات .

جومگە : جوگمە . بەگوێرەی جیاوازی ناوچەكان دەگۆڕێ

تێبینی :-

ئەم زانیاریانەی لەم بابەتە خراونەتە ڕوو دەربارەی بەیتاری هەمووی لەسەر زاری بەیتار (حاجی عمر كاكە) لەگوندی دینگاوەی دەشتی قەراج لە گەلاوێژی ١٩٨٥ تۆماركراوەو كۆكراوەتەوە كە تەمەنی (٧٠)ساڵ دەبێ .

هەروەها سودیش لە كتێبی مرۆڤ‌و تەندروستی پۆل سێ‌ی ناوەندی وەرگیراوە .

كولتووری

نوسینی :

ئەكادێمیك - یو - ڤ - برەملێ و ر . گ . پەرۆلێ

ڕشاد میران - لە ڕووسی‌یەوە وەری‌گێڕاوە

● بەشی یەكەم ●

پێشكەی :

ووتەیەكی بە ناوبانگی ئەتنۆگراف ناسەكان هەیە ، دەڵێ : «ئەگەر تەنها یەك میللەت بناسیت ، ئەوا ئەو میللەتەش ناناسیت .» .

ئەمەش زۆر ڕاستە ، چونكە لە كاتی دیراسەكردنی میللەتانی تردا ، ئەو كەسە ، یەكسەر ئەكەوێتە بەراوكردنی لایەنی جۆراوجۆری ژیان‌و مێژووی ئەو میللەتانە لە گەڵ میللەتەكەی خۆیدا . جا لە ڕێڕەوی ئەم بەراوەردكردنەدا زانیاری‌یەكانی دەربارەی میللەتەكەی خۆی دەچەسپێن‌و بەهێزتر دەبن .

میللەتی كوردیش ، هەرچەندە تاكو ئێستا خۆی پێویستی بە دیراسەكردن‌و لیكۆڵینەوە هەیەو زۆر لایەنی مێژوویی خۆی ڕوون نەبۆتەوەو كۆن‌و كەلەبەریان تیا ماوەتەوە ، لە گەڵ ئەوەشدا . كاتی ئەوە هاتووە ، كە زاناو ڕۆشنبیرانی كورد لەو مەیدانەشدا - واتە دیراسەكردنی میللەتانی‌تر - ئەسپی خۆیان تاو بدەن . ئەوەش پێش هەموو شتێك ، بە مەبەستی زیاتر زانین‌و ناسینی میللەتی خۆیان .

دیاردەیەكی ئەتنۆگرافی زۆر بەنرخە ، كەلای ئێمەش دەست دراوەتە لێكۆڵینەوە لە ئاینە میللی‌یە كوردی‌یەكان - یەزیدی‌و كاكەیی - وگەلێ لایەنی تری ئەتنۆگرافیای كوردی . ئەم هەنگاوە گەلێ پیرۆزتر دەبوو ، ئەگەر ئاورێكیش لەو